# ڕێگای ئاسان بۆ فێربوون
# و
# فێرکردنی قورئان



چاپی سێهەم

١٤٣٠ك - ٢٠٠٩ز

حمد عەبدولڕەحیم

Scanned by CamScanner




Scanned by CamScanner

# ڕێگای ئاسان

# بۆ

# فێربوون و فێر کردنی قورئان

Scanned by CamScanner

# هەنگاوەکانی ڕێگای ئاسان
# بۆ فێر بوون و فێر کردنی قورئان

**********

**هەنگاوی یەکەم:** ناسینی پیتەکانی قورئان.

**هەنگاوی دووەم:** دانە دەم یەکی پیتەکان.

**هەنگاوی سێیەم:** ناسینی ئەو پیتانەی کە ناخوێنرێنەوەو هۆکارەکانیان.

**هەنگاوی چوارەم:** ئەو پیتانەی کە نائاسایی دەخوێنرێنەوەو هۆکارەکانیان.

Scanned by CamScanner

**هەنگاوی یەکەم :**

**ناسینی پیتەکانی قورئان :**

**پیتەکانی قورئان تەنیا (٢٨) پیتن و تەنیا (٦) پیتیان لە پیتەکانی زمانی کوردیدا نین ، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەو فێر بوونیان لە پیتەکانی کوردییەوە زۆر نزیکن و خوێندەوارانی کورد لە فێر بوون و خوێندنەوەو بەکار هێنانیاندا زەحمەتێکیان بۆ دروست نابێت .....**

**پیتەکانی قورئان بەم شێوانەی خوارەوە هاتوون :**



Scanned by CamScanner

یەکەم: پیتەکان بەبێ بزوێن ( حركة ):

﴿ أ – ب – ت – ث – ج – ح – خ – د – ذ – ر – ز – س – ش – ص – ض – ط – ظ – ع – غ – ف – ق – ك – ل – م – ن – هـ – و – ي ﴾

ئەو پیتانەی کە لە پیتەکانی کوردیدا نین:

بریتین لە پیتەکانی ﴿ ث – ذ – ص – ض – ط – ظ ﴾

پیتی ﴿ث﴾ لە ﴿ س ﴾ەوە نزیکە ،بە زمان دانان لە نێوان هەردوو ڕیزی ددانەکانی سەرەوە و خوارەوە لە پێشەوەی دەمدا دەوترێت ، وەکو کەسێك زمانی بە خوێندنەوەی پیتی ﴿ س ﴾ فس بێت.

٢–پیتی ﴿ ذ ﴾ لە پیتی ﴿ ز ﴾ەوە نزیکە و بەچەشنی پیتی ﴿ ث ﴾ لە نێوان ددانەکانی سەرەوە خوارەوە لەپێشەوەی دەم دەوترێت .

٣–پیتی ﴿ ص ﴾ گەورە کردنی پیتی ﴿ س ﴾ە بەزماندانان لەسەرەوەی شوێنی وتنی ( س) لە مەلاشوودا، وەکو لە وشەکانی﴿صاص ،رەصاص ، صەوز ، صەد ﴾دەوترێت.

٤–پیتی ﴿ض ﴾ تێکەڵە لە دەنگی (د+ ز ) بە گەورەیی، بە زماندانان لەکاکیلەی ﴿چەپ یان راست ﴾لەچەناگەی سەرەوەدا دەوترێت.

فێر خوازی کورد پێویستی بە ئەندازەیەك خۆ ڕاهێنان هەیە بۆ چاك خوێندنەوەی.



Scanned by CamScanner

٥-پیتی ﴿ ط ﴾ لە ﴿ ت ﴾ەوە نزیکە و بە زماندانان لە سەرەوەی شوێنی خوێندنەوەی ﴿ ت ﴾ لە پووکی سەرەوەدا لە پێشەوەی دەم دەخوێنرێتەوە و خوێندنەوەی قورسییەکی تێدا نییە.

٦-پیتی ﴿ ظ ﴾ لە ﴿ ز ﴾ەوە نزیکە و بە زماندانان لە سەرەوەی شوێنی خوێندنەوەی ( ز )، واتە لە بەشی ناوەوەی ددانەکانی پێشەوە لە چەناگەی سەرەوە دا دەوترێت.

ئەم پیتانە بە ماوەیەکی کەم خۆ ڕاهێنان بۆ فێر خوازی کورد ئاسان دەبن و چاکتر لە قسەکەران بەهەر زمانێکی تر بە عەرەبیشەوەدەریدەبڕێت.



Scanned by CamScanner

## چۆنیەتی خوێندنەوەی پیتەکان

لەم ڕێگا ئاسانەدا بۆ فێر بوونی قورئان دەبێت پیتەکان تەنیا دەنگەکانیان بخوێنرێتەوە ، نەك ناوەکانیان، واتە بووترێت :-

﴿أ - ب - ت -ث - ج -ح - خ﴾

نەك ﴿ئەلیف - با - تا - ثا - جیم - حا -خا ..... هتد

دووەم :پیتەکان لەگەڵ بزوێنەکاندا:

أ-پیتەکان لەگەڵ (ـَــ)سەر واتە:﴿فتحە﴾ دا:-

أَ - بَ - تَ - ثَ - جَ - حَ - خَ - دَ -ذَ- رَ - زَ - سَ - شَ - صَ - ضَ - طَ - ظَ - عَ - غَ - فَ - قَ - كَ -لَ - مَ - نَ - هَ - وَ - يَ

خوێندنەوەی (ـَــ) سەر وەکو خوێندنەوەی بزوێنی کورت وایە لە زمانی کوردیدا.

أَ= ئە ، بَ = بە تَ= تە فَ = فە سَ= سە وَ= وە...

بەو شێوەیە لەگەڵ هەموو پیتەکاندا.

ب- پیتەکان لەگەڵ (ـِــ) ژێر واتە (کسرة)دا:-

إِ بِ تِ ثِ جِ حِ خِ

دِ ذِ رِ زِ سِ شِ صِ

ضِ طِ ظِ عِ غِ فِ قِ

كِ لِ مِ نِ هِ وِ يِ



Scanned by CamScanner

خوێندنــەوەی ژێــر (ـــِ) لــە کوردیــدا وەکــو خوێندنــەوەی پیتی(ی)وایە بەڵام بە کورتی وەکو :-

إِ = ئی ، بِ = بی ، تِ = تی ،فِ = فی، سِ = سی ، وِ = وی

...

بەم شێوەیە لەگەڵ هەموو پیتەکاندا.

ج- پیتەکان لەگەڵ (ـــُ)بۆر، واتە (ضمة)دا:

أُ - بُ - تُ - ثُ - جُ - حُ - خُ

دُ - ذُ - رُ - زُ - سُ- شُ -صُ

ضُ - ظُ - طُ- عُ - غُ - فُ - قُ

كُ - لُ - مُ - نُ - هُ - وُ - يُ

خوێندنەوەی (ـــُ)بۆر وەکو خوێندنەوەی (واو ) یێکی بچووك وایەوەکو:-

أُ =ئـو بُ =بـو تُ= تـو فُ =فـو سُ =سـو

وُ =وو

**بەم شێوەیە لەگەڵ هەموو پیتەکاندا**

<u>سێ یەم :-</u>پیتەکان لەگەڵ پیتە درێژکراوەکاندا..

أ-پیتەکان لەگەڵ بزوێنی درێژدا :-

ءا -بَا- تَا- ثا - جَا- حَا- خَا

دَا - ذَا - رَا - زَا - سَا- شَا- صَا

ضَا -طَا- ظَا- عَا- غَا- فَا- قَا

كَا -لاَ - مَا - نَا- هَا- وَا- يَا



Scanned by CamScanner

هەر پیتێك، بزوێنی درێژچوویە سەری ، هەمیشە ( ـــَــ )سەری هەیـــە و پیتەکـــەو بزوێنەکـــە لـــە حنجـــە کردنـــدا پێکـــەوە دەخوێنرێنەوە

ب- پیتەکان لەگەڵ ( و) ی درێژ کردنەوەدا.

أُو بُو تُو ثُو جُو حُو خُو

دُو ذُو رُو زُو سُو شُو صُو

ضُو طُو ظُو عُو غُو فُو قُو

كُو لُو مُو هُو نُو وُو يُو

پیتەکان هەرکاتێك (ـــُـ) بۆر (ضمة ) یان هـەبوو ، گەیشتن بە پیتی واوی بێ بزوێن ، ئەوا پیتە بۆر دارەکەو (واو )ەکە لـە حنجە کردندا پێکەوە دەخوێنرێنەوە....

ج- پیتەکان لەگەڵ (ي ) ی درێژ کردنەوەدا:-

إِی بِي تِي ثِي جِي حِي خِي

دِي ذِي رِي زِي سِي شِي صِي

ضِي طِي عِي غِي فِي قِي كِي

لِي مِي هِي نِي وِي يِي

پیتەکان هەر کاتێك (ـــِـ) ژێر یان هـەبوو و گەیشتن بە پیتی (ي) بـێ بـزوێن، ئـەوا هـەردووکیان لـە (حنجـە) کردنـدا پێکـەوە دەخوێنرێنەوە ...



Scanned by CamScanner

تێبینی :- بزوێنی درێژ و واوی بێ بزوێن که پێشەکەی بۆری
هەبێت و پیتی (ي)ی بێ بزوین کەپێشەکەی ژێری هەبێت پێیان
دەوترێت پیتەکانی درێژ کردنەوەی ئاسایی ( المد الطبیعی ) .
ئەمانە بڕی درێژ کردنەوەکەیان دوو بزوێنە.
بزوێنێك واتە ماوەی بەرز کردنەوەی (پەنجەیەك ) یان نرم
کردنەوەی.

چوارەم :- پیتەکان لەگەڵ دوو بزوێن (بزوێنەکان + تنوین ) (ـً
ـٍ ـٌ ):-

قسەمان لەسەر بزوێنەکان (ـَ ـِ ـُ ) (سەر) ، ژێر، بۆر کرد کە
دەنگی (ـــَ) سەر ) وەکو دەنگی بزوێنی کورتە ( ە ) و،
دەنگی (ـــِ) ژێر بریتیە لە دەنگی( ی ) یەکی کورت و دەنگی
(ـــُ ) (بۆر)یش بریتی یە لە دەنگ (و ) یەکی کورت.
کە بزوێنی دووەم ( تنوین ) چوویە پاڵ هەریەك لەم سێ
بزوێنە، ئەوا دەنگی (ن) دەچیتە پاڵ دەنگی بزوێنەکە .
واتە :-

١-ـــً ە ن نموونە :- ( ءً باً تاً ثاً جاً.......هتد )
دەخوێنرێنەوە بە ( ئەن ، بەن ،تەن ،ثە ن ، جەن .... هتد ) ٢- (
ـــٍ ) - ین نموونە:- (ءٍ بٍ تٍ ثٍ جٍ ....هتد ) دەخوێنرێنەوە بە
(إن، بِن ، تِن، ثِن ،جِن .....هتد )

٣-ـــٌ - ون نموونـــــه :-( ءٌ بٌ تٌ ثٌ جٌ ... هتـــد
دەخوێنرێنەوە بە(ئُن بُن تُن ثُن جُن...هتد)



Scanned by CamScanner

تێبینی:- لەخاڵی (٢،٣) ی پێشەوەدا زۆر هۆشیار بین کە (ی،و )کە دەبنە دەنگی (---ِ) و (---ُ ) زۆر کورتن ئەگینا لەبزوێن دەردەچن ودەبن بەپیت ،ئەو کاتە دەکەوینە هەڵەی گەورەوە....

**پێنجەم** :پیتە گیرە دارەکان :-

لەهەر زمانێکدا هەندێ جار دووپیتی وەکو یەك لەپاڵ یەکدا دێن ، وەکو وشەی (ددان ) لەکوردیدا ، یان وشەی (Apple)لە ئینگلیزیدا.

بەڵام لەزمانی عەرەبیدا لەبری دووجار نووسینی پیتەکە یەك پیت دەنووسرێت و گیرە ـّ (شدّة) ی لەسەر دادەنرێت .

هەمووپیتەکان جگە لە (ئەلیف ) گیرە دەچێتە سەریان وەکو (بّ -تّ -ثّ-جّ-حّ-خّ ....هتد لە خوێندنەوەدا پیتە گیرە دارەکە دەگیرێت.

**تێبینی :-**

ئەگەر بزوێنەکە لە ژێر (---ٍّ )گیرەکەدا نوسرابوو ئەوە ( ژێرە ) واتە (کسرە) یە ..

## هەنگاوی دووەم :-

### دانە دەم یەکی پیتەکان:

پاش ئەوەی لە هەنگاوی یەکەمدا بەباشی تێگەیشتین و پیتەکان شارەزا بووین و توانیمان بەتەنیاولەگەڵ گیرە و پیتە درێژ کراوەکان و بزوێنەکاندا بەکاریان بهێنین ،دێینە سەر خوێندنەوەی وشەکان، بە دانە دەم یەکی دەنگی پیتەکانی هەر وشەیەک ،بۆ

نموونە :-

١-ئایەتی:﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ﴿٦﴾ ﴾ (الفجر: ٦

)،دەیخوێنینەوە : ( أَ لَ م ، تَ رَ ،

كَ ي فَ ، فَ عَ لَ ، رَ بُّ كَ ، بِ عَا د )

٢-ئایەتی:﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴿١١﴾ ﴾(الضحى: ١١ ). دەیخوێنینەوە

( وَ أَ مّا ، بِ نِ ع مَ ةِ ، رَ بِّ كَ ،فَ حَ دِّ ث )

٣-ئایەتی:﴿ أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿١﴾ ﴾ (الشرح: ١ ). دەیخوێنینەوە(أَ

لَ م ،نَ ش رَ ح ، لَ كَ ،صَ د رَ ك) .

بەم شێوەیە بە دانە دەم یەکی خێرا، دەنگەکان دەبنە خوێندنەوە.

### دوو سەرنج :-



Scanned by CamScanner

١-وشەی (قراءة ) لە زمانی عەرەبیدا واتە پاڵدان بەیەکەوە، یان خستنە پاڵ یەك ،کە مەبەست خستنە پاڵ یەکی دەنگی پیتەکانە تا ببنە خوێندنەوە.

٢-پاش فێر بوونی پیتەکان و ڕاهاتن لەسەر دانە دەم یەکیان دووخاڵ دێتە بەر دەممان پێویستە سەرنجیان بدەین.

<u>خاڵی یەکەم</u>:هەندێ پیت لە هەندێ شوێندا نووسراون ،بەڵام لەبەر هۆکارێك ناخوێنرێنەوە .

<u>خاڵی دووەم</u>:هەندێك پیت لە هەندێك شوێندا لەبەر هۆکارێکی تایبەت خوێندنەوەیەکی ئاسایی ناخوێنرێنەوە .

ئەم دوو خاڵە لە دوو هەنگاوی سێیەم و چوارەمدا بەیارمەتی خوای گەورە ڕوون دەکەینەوە ....

**هەنگاوی سێیەم :**

<u>ناسینی ئەو پیتانەی کە ناخوێنرێنەوە:-</u>

لەکاتی خوێندنەوەی قورئاندا لە هەندێك شوێن و لەبەر هۆکاری تایبەت ، چەند پیتێك ناخوێنینەوە و لەکاتی دانە دەم یەکی پیتەکاندا ، بەسەریاندا دەگوزەرێین، لەوانە :

١- هەمزەی گەیاندن (الوصل ) (ا ) بۆ ئاسانکاری و ڕەوانی لە خوێندنەوەدا (هەمزەی گەیاندن ) دەبێتە پردی گەیاندن و پێکەوە نوسانی دوو وشە، بە لکاندنی دوا پیتی وشەی پێشی (هەمزەکە ) بەپیتی یەکەمی وشەی دوای هەمزەکە و لەو نێوانەدا خۆی



Scanned by CamScanner

ناخوێنرێتەوە، مەرجی نەخوێندنەوەکەشی ئەوەیە کە لە
پێشییەوە پیت یان وشەی تر هاتبێ ، خۆ ئەگەر وانەبێت، واتە
هەمزەکە خۆی لە سەرەتاوە بوو، ئەوە دەخوێنرێتەوە .
نموونە:-کاتێ ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ (الفاتحة: ٢) دەخوێنینەوە
،هەمزەی (الحمد) چونکە لە سەرەتاوەیە و هیچ لەپێشییەوە
نییە، بەم شێوەیە (أَ -لْ -حَ- مْ -دُ ) دەیخوێنینەوە ، خۆ ئەگەر
پیتێك لە پێشییەوە بێت بۆ نموونە.
﴿وَٱلۡحَمۡدُ﴾ ئەوا بەم شێوەیە (وَ- ل -ح -َ م - دُ ) دەیخوێنینەوە ،
کەواتە (هەمزەی گەیاندنەکە ) خۆی نەخوێنرایەوە ، بەڵام (وَ) و
(ل) ە کەی بەست بە یەکەوە،پاشان ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾
دەیخوێنینەوە( رَ بِّ ل عا لَ مِی ن) هەمزە ی گەیاندنەکە خۆی
نەخوێنرایەوە و پیتی (بِّ)لەگەڵ پیتی( ل ) ی بەست بە یەکەوە.

چەند نموونەیەکی تر بە خێرایی :-

﴿بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ﴾ ب - رَ- بِّ - ل- فَ -لَ -ق

﴿ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ﴾ :ذا -تِ -ل - بُ - رُ و-ج

﴿وَٱلۡفَتۡحُ﴾:وَ- ل- فَ -ت - ح

﴿شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ﴾: شَ-رِّ-ل- وَ-س- وا-س.

٢-ئەو پیتانەی لە بری دەنگ نەنووسراون ،بەڵکو بۆ
جیاکردنەوەی وشەیەك لە وشەیەکی تر، یان بۆ گونجاندنی لەگەڵ



Scanned by CamScanner

وشەیەکی تر،یان بۆ هەر مەبەستێکی تر نووسراون ، جا لەبەر ئەوەی لە بری دەنگ نەنووسراون ناخوێنرێنەوە و نیشانەی (٥)لەسە ر پیتەکان نووسراوە ،ئەوانیش ئەمانەن :-

أ – ئەلفی دوای واوی کۆ ، وەکو :

قَالواْ رَضواْ ءَ امَنواْ كَفَرُ واْ

ب- ئەلفی وشەی ( ماْ ئَة ) کە بە( مِئة ) دەخوێنرێتەوە.

ج – واوی وشەکانی(أُوْلئِك ، أُوْلي أُوْلا ءِ ...هتد .

٣-( ئەلف ، واو ، یاء ) کاتێك بێ بزوێن بن و لە کۆتایی وشەدا بن و لە سەرەتای وشەی دواوە ییدا بەهۆی نەخوێندنەوەی ﴿هەمزەی گەیاندنەوە﴾ بگەن بە پیتێکی بێ بزوێن (ساکن ) ،جا بۆ خۆ ڕزگار کردن لە بەیەك گەیشتنی دوو ساکین ، ئەلفەکە یان واوەکە یان یاءە کە ناخوێنرێنەوە ،وەکو:-

﴿ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴾ (القارعة: ٢) دەخوێنرێتەوە (مَلْقارِعَة)،هەروەها ﴿ يَرْجُواْ ٱللَّهَ ﴾(الأحزاب: ٢١) دەخوێنرێتەوە (يَرجُلَّهَ )،هەروەها﴿ فِي ٱلْعَالَمِينَ ﴾(الصافات: ٧٩) دەخوێنرێتەوە (فِلعَالَمين ).

**٤- پیتە تێهەڵکێشبووەکان :**

تێهەڵکیشبوون ( الادغام ) واتە تێهەڵکیشبوونی پیتێك و نەمانی دەنگەکەی و (ونبوونی ) لەپیتەکەی دوای خۆیدا ، واتە



Scanned by CamScanner

بوونیـان بەیـەك پیتـی قـورس (گـیرە دار ) لـە زۆربـەی جارەکانـدا،

ئەوانیش ( چوار ) جۆرن کە ئەمانەن :

یەکەم / تێهەڵکیشی هاوچەشن:

ئەمـە لـە کاتێکـدا ڕوودەدات کـە پیتێکـی بـێ بـزوێن بگـات بـە

هەمان پیت بە بزوێنداری وەکو :ـ

مْ + مَ = مَّ ، نْ + نَ = نَّ

كْ + كُ = كُّ ، عْ + عَ = عَّ

وْ + وَ = وَّ بْ + بِ = بِّ

لَهُم مِّن =لَهُمِّـن ، لَن نَّصْبِرَ = لَنَّـصبِرَ، يُدْرِككُّمُ = يُـدْرِكُّمُ، تَسْطِع عَّلَيْهِ =

تَـسطعَّليهِ، وَتَوَلَّوْاْ وَّٱسْتَغْنَى ٱللَّهُ = وَتَـولَّ وَّاسـتغنى الله، ٱذْهَب بِّكِتَـٰبِى =

اِذهبِّكِتابِى .

**تیبینـی:**ـ هـەر کاتـێ پیتـی ( و ، ی ) پیتـی درێژکردنـەوە بـوون و گەیشتن بە هاو چەشنی خۆیان تێهەڵکێش ناکرێن..

نموونە :ـ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ، ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ .



Scanned by CamScanner

**دووەم :-تێهەڵکیشی هاو ڕەگەز :**

کاتێك ڕوودەدات کە دوو پیتی هاو ڕەگەز یەکەمیان بێ بزوێن ودووەمیان بزوێندار، بگەن بەیەك ،ئەو کاتە یەکەم تێهەڵکێشی دووەم دەبێت ، واتە دەنگی یەکەم ون دەبێت و دەبێتە (گیرە ) لە دووەمدا.

**پیتە هاو ڕەگەزەکان :-** ئەو پیتانەن کە شوێنی دەرچوونیان ئاسمانی دەم وددانەکانی پێشەوەوەو لێوەکانە .

١.پیتەکانی ئاسمانی دەم بریتین لە :-

( د - ت- ط )

٢.پیتەکانی ددانەکانی پێشەوە کە بریتین لە:-﴿ ذ -ث - ظ ﴾

٣.پیتەکانی لێوەکان بریتین لە ( ب - م )

لە کۆمەڵی یەکەم ( ت لەگەڵ ط) تێهەڵکێش دەبێت وبە پێچەوانەیشەوە.

هەروەها (ت ) لەگەڵ ( د ) تێهەڵکێش دەبێت و بە پێچەوانەیشەوە.

لە کۆمەڵی دووەم (ث) تێهەڵکێشی(ذ) دەبێت و پیتی(ذ ) تێهەڵکیشی (ظ ) دەبێت .

لە کۆمەڵی سێیەمیش ( ب) تێهەڵکێشی (م ) دەبێت .



Scanned by CamScanner

**نموونەکان :-**

ت +ط =طّ

وَقَالَت طَّآئِفَةٌ = وَ قالطّائِفة

ط + ت = تَ

بَسَطتَ = بَست (گیرە دروست نابێت)

ت +د =دّ

أُجِيبَت دَّعۡوَتُكُمَا = أُجيبدَّعوَتكما.

د +ت = تّ

قَد تَّبَيَّنَ = قتَّبيَّنَ

ث + ذ = ذّ

يَلۡهَث ذَّٰلِكَ = يلهذَّلك

ذ + ظ =ظّ

إِذ ظَّلَمۡتُمۡ = إظّلمتم

ب + م =مَّ

ٱرۡكَب مَّعَنَا = ارِكَمَّعنا

**سێیەم / تێهەڵکێشی هاوسێ :-**

کاتێك ڕوو دەدات کە دوو پیتی هاوسێ ، یەکەمیان بێ بزوێن و دووەمیان بزوێندار بێت و بگەن بەیەکتر ، ئەو کاتە یەکەم



Scanned by CamScanner

تێهەڵکێشی دووەم دەبێت ، واتە دەنگی یەکەم ون دەبێت ودەبێتە گیرە لە دووەمدا.

پیتە هاوسێکان ئەو پیتانەن کە شوێنی دەرچوونیان لەناو دەمدایەو لەیەکەوە نزیکن ، ئەوانیش بریتین لە :-

پیتی (ل ) کە دەگات بە ( ر )

پیتی (ق ) کە دەگات بە (ك )

پیتی (ن ) کە دەگات بە پیتەکانی( ی ،ر ، م، ل، و ) ( یرملو )

**نموونەکان :-**

ل + ر = رّ

وَقُل رَّبِّ = وقُرَّبِّ

ق +ك = كّ

نَخْلُقكُّم =نخْلُكُّم

ن + (ی ر م ل و )

نْ +ي =ي

أَن يَأْتِيَ = أيَأتى (گیرە دروست نابێت).

نْ +ر =رَّ

فَمَن رَّبُّكُمَا = فمرَّبُّكما

نْ + م =مّ

مِّن مَّلْجَإٍ = مِمَّلجأ

نْ+ل =لّ أَنْ لا = أَلاَّ

نْ + و= و

مِن وَرَآءِ = مِوَراءِ (گیرە دروست نابێت) .



Scanned by CamScanner

هەموو پیتەکانی کە تێهەڵکێش دەبن لە پیتی دووەمدا دەبنە گیرە جگە لە پیتی (ن) کە لەگەڵ
(و ، ی ) و پیتی (ط ) لەگەڵ (ت ) دا نابنە گیرە.

## چوارەم / تێهەڵکێشی لامی شەمسی :-

کە لامی ناساندن (لام التعریف ) ، دەچێتە سەر ناوێک کە یەکەم پیتی لە پیتە ( شەمسی ) یەکان بێت ، لامەکە تێهەڵکێشی پیتە شەمسییەکە دەبێت ، واتە دەنگی (لام ) ەکە ون دەبێت و دەبێتە گیرە (شدّە ) لە پیتە شەمسییەکەدا ، وەکو :-

﴿ وَٱلسَّمَاءِ وَٱلطَّارِقِ ﴿١﴾ ﴾ الطارق: ١.

﴿ وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا ﴿١﴾ ﴾ الشمس: ١

﴿ وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ ﴿١﴾ ﴾ التين: ١

(٢٨ ) پیتەکەی زمانی عەرەبی دەکرین بە دوو بەشەوە :-

یەکەم : (١٤ ) یان پێیان دەڵێن پیتە قەمەرییەکان کە رستەی (إبغ حَجَكَ وخف عَقيمَه ) پێک دەهێنین.

دووەم : ( ١٤ ) یان پێیان ئەڵێن پیتە شەمسیەکان کە بریتین لە پیتەکانی:-

(ت،ث،د،ذ،ر،ز،س،ش،ص،ض،ط،ظ،ل،ن).

نیشانەی ناسینی لامی شەمسی :- کە لامی ناساندن چوویە سەر ناوێک پیتی دوای لامەکە (ــّـ ) شەدەی هەبوو ئەو لامە لامی شەمسییە ، ئەگەر نەیبوو ئەوە (لامی قەمەرییە ) ..



Scanned by CamScanner

٥- ئـەلفی وشـەی (أَنَـاْ) کـە بـە (أَنَ ) دەخوێنرێتـەوە و وشـەی (لَّٰكِنَّاْ ) لـە سـورەتی (الكهـف ) ﴿ لَّٰكِنَّاْ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّي وَلَآ أُشۡرِكُ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا ٣٨ ﴾ (الكهف/٣٨) دا کە بە (لَكنَّ ) دەخوێنرێتەوە.

<u>سـەرنج :-</u> برگـەی وا هەیـە تـەنیا یـەك پیتـی تێـدا ناخوێنرێتـەوە ، وەکو :-(رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ) تەنها هەمزەی وەصلەکە ناخوێنرێتەوە.

برگـەی واش هەیـە دوو پیتـی تێـدا ناخوێنرێتـەوە ،وەکـو ( مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ).تەنها هەمزەی وەصل و لامەکە ناخوێنرێنەوە

برگەی واش هەیە ( سێ ) پیتی تێدا ناخوێنرێتەوە ، وەکو :-( عَلَى ٱللَّهِ )ئەلفی (على)وهەمزەی وەصل و لامەکە ناخوێنرێنەوە

برگــــەی واش هـــەیە چـــوار پیتـــی تێـــدا ناخوێنرێتەوە، وەکو(وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ) .

واوی ( عملـوا ) و ئەلفەکـەی دوای و هـەمزەی وەصـل و لامەکـەش ناخوێنرێنەوە.

سـەرنج :- لـەکاتی تێهـەڵکێش کردنـی دەنگـی (ن) لەگـەڵ پیتەکانی (م،ن ) گیرە و مینگە دروست دەبێت ، بەڵام لەگەڵ (و ، ی ) گیرە دروست نابێت و تەنها مینگە دروست دەبێت.



Scanned by CamScanner

## هەنگاوی چوارەم :-

ناسینی ئەو شتانەی لە خوێندنەوەدا ئاسایی نین:

خوێندنەوەی ئاسایی ئەوەیە دەنگی پیتەکان وەکو خۆیان بە شێوەی ئاسایی ،بەبێ زیادو کەم بدرێنە دەم یەك و دەنگی وشەکانیان لێ'پێك بهێنرێت .

بەڵام هەندێ جار لەبەر هۆکارانێکی تایبەت چەند شێوازێکی نائاسایی لەخوێندنەوەدا رەچاو دەکرێت ،لەوانە :-

**مینگە ( غُنة )کان :-**

مینگـە: ئاوازێکـە لـە لووتـدا دروسـت دەبێـت و بڕەکـەی دوو بزوێنە ، واتە بە ئەندازەی خوێندنەوەی دوو پیتە.

ئەو جێگایانەی دەبێت مینگەیان تێدا بکرێت ئەمانەن :-

أ – پیتـی (نّ ) نـون ،کـە گیرەی هـەبێت ، گیرەکـە هـی خـۆی بێت ،یان لە ئەنجامی تێهەڵکێش کردن دروست بووبێت،وەکو :- إنَّ ، النَّاس ، النُّور ، لَكنَّ ، مِن نُّور.

ب– پیتـی ( مّ ) میم کـە گـیرەی هـەبێت ، گیرەکـە هـی خـۆی بێت یـان لـە ئـەنجامی تێهـەڵکێش کـردن دروسـت بـوو بێـت، وەکـو :- لَمَّا ، ثُمَّ ، لَهمْ مَّغفِرَة.

ج– تێهـەڵکێش کـردن( ادغـام ) ی دەنگـی ( ن) لەگـەڵ پیتـەکانی (م، ن، و ، ی ) وەکو :

لَيلةٍ مّباركةِ ، مِن مّا ء ، فَلَنْ نَّزيدكم ، جزا ءً وِفاقاً ، وَيلٌ يَومئذٍ .



Scanned by CamScanner

د-شـــاردنەوەی دەنگـــی (ن ) كـــە لەگـــەڵ پیتـــەكانی شاردنەوە(الاِخفا ء ) دا ڕوو دەدات ، وەكو :-

الاِنسان، سبعاً شِداداً ، يُنْفخُ ، إنْطلَقوا .

پیتەكانی شاردنەوە (١٥ ) پیتن كە بریتین لە:-

﴿ ت،ث ،ج،د،ذ ،ز،س، ش، ص،ض،ط،ظ،ف، ق،ك ﴾

**شاردنەوە:-** شێوازێكی خوێندنەوەیە لە نێوان تێهەڵكێش كردن ودەرخستندا ، واتە: لە نیوان، نەخوێندنەوە وخوێندنەوەدا لە گەڵ دروست بوونی مینگەدا.

هـ - شاردنەوەی ژێر لێو (الاخِفاء الشفوی) :-ئەمە لە كاتێكدا ڕوو دەدات كە دەنگی( م ) ی بێ بزوێن بگات بە پیتی ( ب) جا (م) ەكە ئەصلی بێت یان لە ئەنجامی وەرگێڕان (إقلاب ) ی (ن ) كە دەگات بە (ب ) دروست بوو بێت وەكو :- وَمَا لَهُم بِهِۦ ، لَيُنۢبَذَنَّ .

**درێژ كردنەوەكان :-**

بێ گومان هەر پیتێك لە كاتی خوێندنەوەی یان وتنیدا پێویستی بە ماوەیەك هەیە كە ماوەی هەر پیتێك پێی دەوترێت بزوێن ( حركة ).

ماوەی بزوێن : ئەندازەی بەرزكردنەوە یان نزمكردنەوەی پەنجەیەك ، كەواتە بەرز كردنەوەی پەنجەیەكە ونزمكردنەوەی دوو بزوێنە.



Scanned by CamScanner

پیتی درێژکردنەوە : ئەو پیتەیە بۆ خوێندنەوە یان وتنی ماوەی دوو بزوێن یان زیاتری دەوێت.

**پیتەکانی دریژ کردنەوە ئەمانەن :-**

١-ئەلیف کە هەموو کات پیتەکەی پێشی سەری هەیە .

٢-پیتی ( و) واوی بێ بزوێن کاتێک پیتەکەی پێشی بۆری هەبێت .

٣-پیتی (یْ ) یا ءی بێ بزوێن کاتێک پیتەکەی پێشی ژێری هەبێت.

وەکو:- قَالَ ، يَقُولُ ، قِيْلَ.

**جۆرەکانی درێژ کردنەوە :-**

١-درێژکردنەوەی ئاسایی .

٢-دریژ کردنەوەی نائاسایی.

١-درێژکردنەوەی ئاسایی : بریتی یە لە خوێندنەوەی پیتەکانی درێژ کردنەوە بە شێوەیەکی ئاسایی، واتە بە بڕی(دووبزوێن )، وەکو نموونەکانی سەرەوە .

٢-درێژکردنەوەی نائاسایی : بریتی یە لە خوێندنەوەی پیتەکانی درێژ کردنەوە بە زیاتر لە دوو بزوێن لە بەر هۆیەك .



Scanned by CamScanner

## هۆكانی درێژ كردنەوەی نائاسایی :

١-هەمزە ٢- زەنە (سكون )

ئەو درێژ كردنەوانەی هۆكارەكەیان هەمزە یە :-

أ-درێژ كردنەوەی پێویست ( واجب :) برەكەی ( پێنج) بزوێنە و لە كاتێكدا دەبێت كە پیتی درێژ كردنەوەكە بگات بە هەمزە و هەردوو كیان لە یەك وشەدا بن وەكو :-

شَآءَ ، سُوٓءَ ، وَجِاْىٓءَ

ب-درێژ كردنەوەی ناپێویست ( جائِز) ( دوو یان چوار یان پێنج بزوێنەو لەكاتێكدا دەبێت كە پیتی درێژ كردنەوەكە لە كۆتایی وشەكەدا بێت و هەمزەكە لە سەرەتای وشەی دوایدا بێت وەكو :

إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ ، قَالُوٓاْ ءَامَنَّا ، فِيٓ أَنفُسِهِمۡ

ئەم درێژكردنەوەیە ناپێویستە، واتە دەكرێت هەر (٢ ) بزوێن درێژ بكرێتەوە و دەشكرێت (٤ ) یان (٥ ) بزوێن بێت .

ج-درێژكردنەوەی (صیلە )ی گەورە : (٢ یان ٤ یان ٥ ) بزوێنە، ئەم درێژ كردنەوەیە پاشكۆی درێژ كردنەوەی ناپێویستە، چونكە بە هەمان شێوەیە لە خوێندنەوەی (بۆر ) و ( ژێر ) لەسەر جێناوی (ه ) كە بۆ كەسی سێیەمی تاك بەكار بهێنرێت ، كاتێك پێش و پاشی (جێناوەكە ) بزوێنی هەبێ ، ئەو كاتە (بۆر ) یان (ژێر ) ه كە بە ئەندازەی درێژ كردنەوەیەكی ئاسایی درێژ



Scanned by CamScanner

دەكرێتـــەوە ، بەمـــەش دەوترێـــت(صـــيلەی )بـــچووك وەكـــو :-

﴿ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ۝٧ فَسَوۡفَ ۝٨ ﴾(الانـشقاق:٨،٧ ) . هـەر كـات (صـيله)

گەيشت بە هەمزە دەبێتە (صيلە)ی گەورە وەكو :- لَهُۥٓ أَندَادًا ، رَبِّهِۦٓ أَحَدًا

بەڵام ئەگەر پیتی پێش (جێناوەكە) زەنەدار بوو ئەوا (صيلە) پێك

نايەت وەكو :-عَلَيهِ ، مِنهُ ، فيهِ.

لەقورئانـدا يـەك (فيـە)ئـەويش لەئايـەتی (٦٩)سـورەتی الفرقانـدا

صيلەی بچوكی لێ پێك دێت.

﴿ وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا ۝٦٩ ﴾(الفرقان: ٦٩)، صيلەی بچوكی لێ پێك دێت.

خۆئەگەر پیتی پێش جێناوەكە بزوێنی هەبوو بەڵام پیتی دوای

جێناوەكە زەنەداربوو ئەوا (صيلە ) پێك نايەت.

وەكو :- لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُ ، بِيَدِهِ ٱلۡمُلۡكُ

ئەو درێژ كردنەوانەی هۆكارەكانيان(زەنە ) يە بريتين لە :-

**١-درێژكردنەوەی ( لازم ) :-**

ئەندازەی (٦ ) بزوێنەو كاتێك دەبێت كە پيتێكی درێژ كردنەوە

بگاتەپيتێكی زەنەدار كە زەنەكەی رەسەن ( أصلی ) بێت وەكو :-

ا- ءَآلۡـَٔنَ - لاَم - ميمْ - سينْ

ب - ٱلصَّآخَّةُ - أَتُحَـٰٓجُّوٓنِّي - ٱلضَّآلِّينَ

سەرنج :- دەگونجی زەنەكە بەسەر پيتێكەوە بێت كە تێهەڵكێش

كرابێ لەگەڵ پيتە تێهەڵكێش كراوەكە پێكەوە پيتێكی گیرە داريان

پێك هێنابێ وەكو نموونەكانی ريزی ( ب ).



Scanned by CamScanner

## ٢-درێژ کردنەوەی زەنەی پەیدا بوو:-

(٢ یان ٤ یان ٦ ) بزوێنە و کاتێك دەبێت کە پیتی درێژ کردنەوە بگات بە پیتێك کە لە ئەنجامی وەستان لەسەری زەنەی بۆ دروست بوو بێت ،وەکو: ( الحمد لله رب العالمينْ ) چونکە لەسەر (نَ) دەوەستین ئەوا (سەر)ەکەی ناخوێنرێتەوە و،بەڵکو بە زەنە لەسەری دەوەستین .

ئەم زەنەیە دەبێتە هۆی دروستکردنی درێژ کردنەوەی نائاسایی ، کەدرێژ کردنەوەیەکی ناپێویستە ، واتە دەکرێت هەر وەکو درێژ کردنەوەی ئاسایی (٢) بزوێن درێژ بکرێتەوە و دەشکرێت (٤ یان ٦ ) بزوێن درێژ بکرێتەوە.

## ٣-درێژ کردنەوەی نەرم (لین ) :-

بڕەکەی (٢ یان ٤ یان ٦ )بزۆێنە، ئەم درێژ کردنەوەیە لە گەیشتنی پیتی نەرم (لین ) بە زەنەی پەیدا بوودە بێت و پاشکۆی درێژ کردنەوەی زەنەی پەیدا بووە ،چونکە بە هەمان هۆ کار پەیدا دەبێت ، وەکو (البَيت – خَوف )

کەواتە (و ،ی ) کە پێشەکەیان (سەر)ی هەبێت لە ڕاستیدا پیتی درێژ کردنەوە نین، بەلاّم لەبەرنەرمی جێگاکەیان کە کەوتوونەتەپێش دوایین پیت کە لەسەریدەوەستین،ساز و لەبارن بۆ درێژ کردنەوە .

**سەرنج** :-پیتی نەرم بریتین لەدوو پیتی (و – ی ) کاتێ بێ بزوێن بن و پیتەکەی پێشیان ( ـَــ )سەری هەبێت.



Scanned by CamScanner

**تێبینی** :- هەر کاتێك دوو درێژ کردنەوەی ناپێویستی وەکو یەك ، یان زیاتر لە ئایەتێکدا هەبوو، دەبێت بەیەك شێوە بخوێنرێنەوە .

واتە هەموویان بە (٢) بزوێن یان بە (٤ ) بزوێن یان بە زیاتر ، نەك یەکێکیان بە بزوێنیٛ کەم و یەکێکی تریان بە بزوێنی زۆر بخوێنرێتەوە.

**جوان دەرخستن ( القلقلة ) :-**

پیتەکانی (قطب جد ) بە زەنەداری لە کاتی خوێندنەوەیاندا دەنگەکانیان بە جوانی دەردەخرێن ، خۆ ئەگەر لەسەریان وەستاین ئەوا بەجوانتر دەردەخرێن وەکو :-

لقَدْ تَجْري خَلقْنا يَطْلُبُهُ البروجْ الصِّراطْ كذّابْ

**دەنگ بەرز کردنەوە ( الاستعلاء ) :-**

لە قورئاندا لە هەندێك شوێندا دەنگ بەرز دەکرێتەوە ،کە ئەمانەن :

* وشەی ( الله) کاتێك پیتەکەی پێشی بۆر، یان سەری هەبێت: وەکو ( يُريدُ الله)، (منَ الله ). بەلاّم ئەگەر ژێری هەبوو ئەوا بە بچووکی دەخوێنرێتەوە ، وەکو : ( بِا لله) .

*پیتی (ر ) ی گەورە . وەکو لە خوارەوە باسی دەکەین .

*پیتەکانی دەنگ بەرز کردنەوە ( الاستعلاء ) بریتین لە (خ، ص ،ض ،غ ،ط ،ق ،ظ ).



Scanned by CamScanner

بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی خوێندنەوەی ئەم پیتانە گوێ لە خەتمە تۆمار کراوەکان بگرە و جوان تێبینییان بکە، کە مامۆستایان ئەم پیتانە جیاواز لە پیتەکانی تر دەردەبڕن.

## خوێندنەوەی پیتی ( ر ):

پیتی (ر ) بە قەڵەوی و بە لاوازی دەخوێنرێتەوە ،ئەوە یش بەپێی ئەو بزوێنەی کە خۆی یان پیتەکەی پێشی هەیەتی بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١-ئەگەر (ر) (سەر ) یان (بۆر ) ی هەبوو ئەوا بە قەڵەوی دەخوێنرێتەوە و ئەگەر (ژێر)ی هەبووئەوا بەلاوازیدەخوێنرێتەوە ،

رَحمة – أرَأيت –ألَم تَرَ

رُوح – كَفَرُوا – الغفورُ

رِحلةَ –أمرِنا – والعصرِ – من شَرٍّ

٢-ئەگەر (ر ) زەنەی هەبوو ئەوا سەیری بزوێنی پیتەکەی پێشی دەکەین.

ئەگەرپیتەکەی پێشی(سەر )یان (بۆر) ی هەبوو ئەوا بەقەڵەوی دەخوێنرێتەوە و ئەگەر(ژێر)ی ڕەسەن (أصل)ی هەبوو ،یان پیتەکەی پێشی پیتی (ی ) بوو ئەوا بە لاوازی دەخوێنرێتەوە ، وەکو:-

أَرْسلنا – اَلمَرْء – اَلمُرسَلون – قُرْءان – فِرعون – مِرْية – خَير



Scanned by CamScanner

٣-ئەگەر (ر ) زەنەدار بوو پیتەکەی پێشی (ژێر)ی پەیدابووی هەبوو ئەوا بە قەڵەوی دەخوێنرێتەوە، وەکو:-

إِرْجعوا - إِرْكبوا - أَمِ آرْتابوا

٤-ئەگەر پیتی (ر) زەنەدار بوو ، پێشەکەی (ژێر) ی ڕەسەنی هەبوو، لە دوایەوە پیتی دەنگ بەرزکردنەوە (إستعلاء)ی بێ(ژێر ) ی هەبوو ئەوا بە قەڵەوی دەخوێنرێتەوە ، کە ئەم جۆرە لە قورئاندا تەنیا (٥ )پێنج وشە هەیە ، کە بریتین لە :-

قِرْطَاس ، فِرْقَة ، وإِرْصَاداً ، لَبلمِرْصَاد - مِرْصَاد .

خۆ ئەگەر پیتە (دەنگبەرز )ەکە (ژێر)ی هەبوو ئەوا دروستە بە قەڵەوی و بەلاوازی بخۆێنرێتەوە، ئەم چەشنەش لە قورئاندا تەنیا وشەی (فِرْقٍ) هەیە.

## وەستانەکان :-

وەستان :- واتە بێ دەنگبوون و هەناسە دان . ئەگەر بوەستین و هەناسە نەدەین ئەوە پێی دەڵێن : (سەکتە ).

سەکتە لە قورئاندا تەنها لەچوار شوێندا هەیەو ، پیتی (س ) لەسەر ئەو وشەیە دانراوە کە سەکتەی لەسەر دەکرێت، چوار شوێنەکەش :-

١-سورەتی (الکهف )﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبْدِهِ ٱلْكِتَٰبَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُۥ عِوَجَا ۜ ﴿١﴾ ﴾ (الکهف/١)



Scanned by CamScanner

٢-سورەتی (یاسین) ﴿ قَالُوا۟ يَـٰوَيْلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا ۜ ۗ هَـٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحْمَـٰنُ وَصَدَقَ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿٥٢﴾ ﴾ (يس/٥٢)

٣-سورەتی( القیامه)﴿ وَقِيلَ مَنْ ۜ رَاقٍ ﴿٢٧﴾ ﴾ (القيامة/٢٧)

٤-سورەتی ( المطففین ) ﴿ كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ (المطففين/١٤).

دەربارەی وەستانەکان لە قورئان خوێندنەوەدا بە زۆری لە کۆتایی ئایەتەکان و لەناو ئایەتەکانیشدا، لە کۆتایی بڕگەو ڕستەکاندا دەوەستین، پاشان دەست پێدەکەینەوە .

لە مەصحەفەکاندا نیشانەی وەستان لەسەر ئەو شوێنانە دانراوە کە وەستانیان تیادا دەکرێت ، ئەوەش بە گوێرەی جۆری وەستانەکان ، بەم شێوەیەی خوارەوە .

نیشانەی وەستانی پێویست ( مـ ) ، کە ناکرێت لەسەری نەوەستین . وەکو ئایەتی ﴿ ۞ إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ ۘ وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾ (الأنعام٣٦).

تێبینی: وەستان ئەگەر لەسەر پیتی بزوێندار بوو، بزوێنەکە ناخوێندرێتەوە، وەکو: الحمد لله رب العالمین، دەخوێندرێتەوە (العالمین) ئەگەر لەسەر پیتی (تاء)ی خڕ (ة) بوو تاکە دەبێتە (هاء).

وەکو: القارعـةُ = القارعـه. ئەگەر لەسەر تەنوینی فەتحە بوو، تەنوینەکە دەبێتە بزوێنی درێژ، رحیماً= رحیما.



Scanned by CamScanner

٢- نیـشانەی وەسـتان چـاکترە ( قلى ) کـە دەکرێـت بوەسـتین و نەشوەستین ، بەڵام وەستان چاکترە وەکو:-

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٥١﴾ ﴾ (آل عمران ٥١).

٣-نیشانەی وەستانی یەکسان (ج )واتە وەستان و نەوەستان وەکو یەکن وەکو: ﴿ وَجِاْىٓءَ يَوْمَئِذٍ بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴿٢٣﴾ ﴾ (الفجر ٢٣).

٤-نیشانەی نەوەستان چاکترە( صلى ) واتـە دەکریت نەوەستین یان بوەستین ،بەڵام نەوەستان چاکترە وەکو: ﴿ كَلَّا بَل لَّا تُكْرِمُونَ ٱلْيَتِيمَ ﴿١٧﴾ ﴾ (الفجر ١٧).

٥-نیشانەی لێکئالانی دوو وەستان

( ∴ ∴ ) کـە تـەنیا لەسـەر یـەکێکیان دەوەسـتین . لەسـەر کامیـان وەستاین ،لەسـەر ئەوی تریـان نابێـت بوەسـتین ﴿ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٢﴾ ﴾ (البقرة ٢).

٦-نیشانەی نەوەستان (لا ) واتە نابێت لەسەری بوەستین.

<u>پلە بەندی وەستانەکان:-</u>

خاڵـەکانی (٢، ٣ ، ٤)دا، دووەم لـە سـێیەم وسـێیەم لـە چـوارەم بـەهێزترن ، لـە خوێندنـەوەی ئایەتێکـدا ئەگـەر لەسـەر نیـشانەی چـوارەم وەسـتاین نابێـت لەسـەر سـێ یـەم ودووەم نەوەسـتین . وە ئەگەر لەسەر سێیەم وەستاین ،ئەوا نابێت لەسەر دووەم نەوەستین . نەك بە پێچەوانەوە.



Scanned by CamScanner

ئەمانە ئەو زانیارییە پێویستانەن کە کەسێك لای ئێمە بیانزانێت و قەناعەتی وابێت کە لـــە توانایدایە لە قورئاندا دەتوانێت لێزان و کارامە بێت وبۆ ئەم مەبەستە ڕاهێنانی پێویست ئەنجام بدات ، بەیارمەتی خوای گەورە کارامە دەبێت و دەچێتە ڕیزی ئەوانەی لە قورئاندا کارامەن و لـــە ڕیزی فریشتە نزیك وبەڕێزەکاندان :ــ

( الماهرُ في القرْان مع السفرة ألكرامِ البررة).

چونکە هەر کارێك بمانەوێت تێیدا کارامە بین پێویستی بە سێ پایەی زانیاری و قەناعەت وڕاهێنان هەیە :

زانیاری + قەناعەت + ڕاهێنان = کارامەیی.

**هیوای سەرکەوتنتان لەخوای گەورە بۆ دەخوازیین.**

وأخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين...



Scanned by CamScanner